## کورتە ڕوونکردنەوەیەک و داواکارییەک ...

جاروبار لەڕێی موتابەعەکردنی کەمی خۆم بۆ میدیای قەرەباڵخی کوردی و بەهۆی چەند هاوڕێیەکمەوە، سەرنجم بۆ خوێندنەوەی برێک هەواڵی چالاکی شانۆیی لە کوردستان ڕادەکێشرێت کە دەقە وەرگێڕدراوەکانی منیان نمایش کردووە، ئەوەی سەیرە کە نەک هەر دەرهێنەر و ستافی کارەکانیان پرسیان بە خۆم یان بە دەزگای پەخشی شانۆنامەکە نەکردووە، بەڵکو لەوەش بێ باکانەتر ناوی منیان وەک وەرگێڕ و خاوەنی دووەمی کارەکە لە تایتڵ و هەواڵ و چاوپێکەوتنەکانیاندا سڕیوەتەوە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو برێ جار ناوی شانۆنامەکانیشان گۆڕیون و بە ناوی ترەوە نمایشیان کردوون. ئەو هاوڕێیانەی لە نزیکەوە دەمناسن، دەزانن کە من بە درێژایی ئەو چەند ساڵە کەمەی کارکردنم لە بواری نووسین و کاری وەرگێڕاندا، بەدوای ناو و ناوهێنانەوە نەبووم و هەمیشە لە وەزعی ئاوهادا بێدەنگیم لێکردووە و لە حەقی خۆم و بەری شەونخوونیی و ماندوویی خۆم خۆش بووم... بەڵام ئەمەی ئێستا سەرنجی دەدەم و زوو زوو دووبارە دەبێتەوە، پێموایە تەنها لەبیرکردنی ناوێک یان هەڵەیەکی خۆیان گوتەنی تەکنیکی نییە، بەڵکو شتێکی ئەنقەست و ماکێکی تری ئەو پەتای پاشاگەردانیی و فڕکان فڕکان و گەندەڵییەیە کە ساڵانێکی زۆرە دونیای ئێمەی بەرەو داوەشان بردووە. کاکی دەرهێنەر لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چاوپێکەوتنە (ڕۆژنامەوان) ییەکانیدا، زۆر بە پەرۆشەوە ناوی فڵان و فیسار دەهێنێ کە هاوکاری ماددیان کردووە ( وەک ئەوەی ئەو پارانە هی ئەو بەڕێزانە خۆیان بێ و لە کیسە و گیرفانی خۆیانەوە هاتبێتە دەر ) کەچی پێی حەیفە ناوی وەرگێڕی کارەکەی بە زاردا بێت! ناخۆشتر لەوەش ئەوەیە کەسێک شتی وا بکا کە خۆی مامۆستای شانۆ بێت و بەدەر لەوەی کە دەبێ لە بواری کارەکەی خۆیدا پسپۆڕ بێت، دەشبێ پێداگۆگ و پەروەردەکاری نەوەکان بێت.

زۆر بە داوای لێبوردنەوە لە خوێنەرانی بەڕێز و لە تیپە شانۆییەکان و لەو دەزگایانەی کە ئەو کتێبانەمیان چاپکردوون، ناچارم لێرەدا و لەمیانەی ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیەوە

ڕایگەیەنم کە لەمەولا قاییل نابم هیچ تیپ و گروپ و کەسێک، بێ پرس و ڕەزامەندی خۆم بەلای نمایشاندنی ئەو کارانەدا بچێت کە ناوی منیان وەک وەرگێڕ و ئامادەکار بە سەرەوەیە.

ڕێز و سڵاوی زۆرم

دلاوەر قەرەداغی

2010/5/23